ئەگەرەکانی تر..

مەریوان وریا قانع دەینوسێت

کۆمەڵگاو مەترسی

هەر میللەتو کۆمەڵگاو کولتورێك دیدێکی تایبەتی بۆ ریسك هەیە، ریسك بەمانای مەترسیو موجازەفە کردن، ئەوەی لای میللەتێکو لەکولتورێکی دیاریکراودا وەك مەترسی دەبینرێت مەرج نییە لای میللەتێکی دیکە هەمان مامەڵە بکرێت. دەشێت ئەوەی لەرۆژگارێکی دیاریکراوو لەهەلومەرجێکی زانستیو تەکنەلۆژی تایبەتدا وەك مەترسی مامەڵە بکرێت، لەهەلومەرجێکی دیکەدا وەك مەترسی نەبینرێت، مەترسیپێدراوێکی جێگیر نییە، مێژووی هەیەو بەگۆڕانی سەردەمو قۆناغو هەلومەرجەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.

کۆمەڵناسی ئەڵمانی، ئولریش بێك، کە ڕەنگە ئەمڕۆ گرنگترین کۆمەڵناس بێت لەجیهاندا، بەوردی لەمەسەلەی مەترسیو موجازەفەکردنی کۆمەڵگا نوێکان دەدوێت، ئەم کۆمەڵناسە کاراکتەری سەرەکی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانی ئەمڕۆکە بەمەترسییەوە گرێ ئەدات و بە"کۆمەڵگای ریسك" یان"کۆمەڵگای مەترسیو موجازەفە کردن" ناویان دەبات. خاڵی سەرەکی بۆچوونی ئەم سۆسیۆلۆژە لەوەدایە کە گەشە کردنی تەکنەلۆژیاو زانستو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بەئاستێك گەیشتوون، لەپاڵ قازانجو دەستکەوتەکانیاندا کۆمەڵێك مەترسی موجازەفەی گەورەو بێوێنەو فرەلایەنیان بەرهەم هێناوە، ئەم کۆمەڵگایانە قۆناغی "پیشەسازییان" تێپەڕاندووەو چوونەتە قۆناغی "مەترسیو موجازەفە کردنەوە"، ئولریش بێك هۆکاری سەرەکی ئەم گواستنەوەیە بەگەشەی بێ سنوورو بێچاوەڕێی زانستو تەکنەلۆژیاوە گرێ دەدات.

ئەم نووسەرە کە قسە لەمەترسییە نوێکان دەکات لەشتە سادەکانەوە دەست پێدەکات، لەبوونی قایرۆسی کوشندەوە لەناو گۆشتی مریشکا، لەپیس بوونی سەوزەو میوەدا بەتیشکی ئەتۆمی، لەتێك چوونی ژینگەو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەویدا، لەزیاد بوونی رادەی کاربۆن لەهەوادا لەبارینو ڕێژنەکردنی بارانی پڕ لەترشەلۆکدا، لەسوتاندنو کوشتنی لەپڕو بەڕۆزی ملیۆنان ئاژەڵی نەخۆشو قایرۆساویدا، ترسناکی ئەم مەترسییە نوێیانەش لەوەدایە کە هەستەکانی ئێنسان پێیان نازانن، کەس ناتوانێت لەڕێی تەماشا کردنەوە دەسکێك کاهووی بارگاوی بەتیشکی ئەتۆم لەدەسکێك کاهووی ساغ جیا بکاتەوە، یاخود لەڕێگای بۆنەوە هەست بکات کە ڕێژەی کاربۆن لەهەوادا بەرز بۆتەوە، یاخود بەوە بزانێت کە کارخانەکانی ئەتۆم لێیان دەچێتو ئەتۆمەکانیان بەدەوروبەردا بڵاوبۆتەوە. لەڕاستیدا مەسەلەی کورت هێنانی حەواسی ئینسان لەدەرکردن بەبڕێکی گەورە لەمەترسییەکانی جیهانی هاوچەرخ، یەکێکە لەتێزە سەرەکییەکانی ئەو نووسەرە ئەڵمانییە، لەمەش بترازێت ئولریش بێك لەوە ئەدوێت گەرچی ئێمە دەشزانین تەکنەلۆژیا مەترسی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، دەشزانین ئەمڕۆکە تازە کردنەوەیەکی گەورەو هەمەلایەنی شێوازە جیاجیاکانی تەکنەلۆژیا لەئارادایە، بەڵام کەس نازانێت ئەو تەکنەلۆژیا تازانە چ جۆرە مەترسییەك لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن، ئەم گەشە کردنە تەکنەلۆژیە بەجۆرێك چڕو خێراو هەمەلایەنە، کە چاودێریو کۆنترۆڵ ناکرێت، یەکێك لەهۆکارە گرنگەکانی کۆنترۆڵ نەکردنیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گەشەکردنی تەکنەلۆژیا چیدی لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا ڕوونادات تا چاودێری کردنی ئاسان بێت، بەپێچەوانەشەوە ئەم گەشەیەی لەدەرەوەی سنووری دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا ڕووەداو بەسەر جیهاندا بڵاوبۆتەوە، بوونی زیاتر لەخەبیرو لێزانێکی زانستیش کە هەر کەسەو لەدیدێکی جیاوازو زۆر جار ناکۆکەوە مەترسییەکان لێك ئەدەنەوە وادەکات خەڵك ئەوباوەڕەی پێشتر بەزانست هەیان بووە، ئێستا لەدەستی بدەن.

گەشەکردنی زانستو تەکنەلۆژیاو پیشەسازی ئینسانی"کۆمەڵگای مەترسی"یان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ریسك و مەترسیو موجازەفە کردۆتەوە کە لەڕووی کاتەوە سنووردار نییە، واتە ئەو مەترسیانەی ئەمڕۆکە بەرهەم دەهێنرێن تەنها کێشە بۆ خەڵکی ئەمڕۆ دروست ناکەن بەڵکو بۆ نەوەکانی ئایندەشی دروست دەکەن، لەڕووی شوێنیشەوە ئەم مەترسییانە سنووردار نین، چونکە لەسنوری یەك دەوڵەتو یەك وڵاتدا پەنگ ناخۆنەوە، بەڵکو دەتوانن بەهەموو جیهاندا بڵاو ببنەوە، بۆ نموونە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما بەهۆی زیاد بوونی رادەی کاربۆنو غوبار لەهەوادا کێشەیەکە هەموو گۆی زەوی دەگرێتەوە نەك تەنها شوێنێکی دیاریکراو، ئەو منالانەشی کە هێشتا لەدڵیك نەبوون دەکەونە ناو هەمان کێشەوە.

ئولریش بێك بەزمانێکی مارکسییانە دەربارەی سیاسەت لە"کۆمەڵگای مەترسیدا" دەدوێتو دەڵێت: سیاسەت لەم کۆمەڵگایانەدا چەند ململانێیە لەسەر دابەش ئەوەندەش ململانێیە لەسەر دابەش کردنی ئەو شتانەی کە ناچیزو خراپو نامەرغوبن، سیاسەت لەم کۆمەڵگایانەدا لەپاڵ دابەش کردنی شتە باشەکاندا شتە خراپەکانیش دابەش دەکات.

چەند هەفتەیەك لەمەوبەرو لەنێواوەرە کۆڕێکی زانکۆی ئەمستردامدا، ئولریش بێك، لەڕێگای بیرۆکەی "مەترسییەوە" لەمەسەلەی تیرۆریزمو پەیوەندی نێوان ئەوروپاو ئەمەریکاو مەسەلەی کۆچبەران بۆ کۆمەڵگا ئەوروپییەکان دووا، خاڵێکی گرنگی ئەو ئێوارە کۆڕە ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی نووسەری ئەمەریکی سامۆئیل هینگتینتۆن بوو دەربارەی "شەڕو پێکدادانی کولتورەکان". ئولریش بێك باسی ئەوەی کرد کە کێشەی سەرەکی جیهانی ئایندە کێشەی شەڕو پێکدادانی نێوان کولتورەکان نایێت، بەڵکو کێشەی پێکدادانی دیدو تێگەیشتنە جیاوازەکان دەبێت بۆ "مەترسی". ئەوەی نەتەوەیەك، یان کیشوەرێك، یان کولتورێك بە"مەترسی سەرەکی" دەزانێت، دەشبێت لای نەتەوەیەك یان کیشوەرێك یان کولتورێکی دیکە وەك "مەترسییەکی سادە"ش تەماشا نەکرێت، ئەمەش ئەگەری ناکۆکیو پێکدادان گەورە دەکات، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونە ئولریش بێك نموونەی ئەوروپاو ئەمەریکای هێنایەوە، بەبۆچوونی ئەو کێشەی سەرەکی ئەمڕۆکەی نێوان ئەوروپاو ئەمەریکا کێشەی ناکۆکیو پێکدادانی تێگەیشتنی جیاوازو ناکۆکی ئەم دوو بەشەی جیهانە بۆ مەترسییەکان، ئەمەریکییەکان مەسەلەی تیرۆریزم بە"مەترسی هەرە سەرەکی" دەزانن و لەزۆر ڕووشەوە بە"تەنها مەترسی" دەزانن، لەکاتێکدا ئەوروپییەکان تیرۆریزم بەمەترسی سەرەکی نازانن و پێیان وایە مەترسی تێکچوونی ژینگە، مەترسی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی وەك گشتێك، مەترسی نەمانی دارستانو زیاد بوونی ڕێژەی کاربۆن لەهەوادا مەترسییە سەرەکییەکانی ئەمڕۆکەی جیهانن، پێکدادانی ئەم دوو وێنا کردنە ناکۆکو جیاوازیە کێشە لەنێوان ئەوروپاو ئەمەریکادا دروست دەکات.

ئەگەر هەر کۆمەڵگاو کولتورێك وێنا کردنێکی تایبەتی بۆ مەترسی هەبێت دەکرێت بپرسین داخۆ کۆمەڵگای ئێمە چی بەمەترسی دەزانێت؟ ئایا چەمکی مەترسی لەخەیاڵو عەقڵییەتی ئێمەدا چ مانایەکی هەیە؟ ریسکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە کامەنو لەکوێوە دێن؟

زیرەکییەکی ئەوتۆی ناوێت بۆ ئەوەی بزانین کە مەترسییەکانی کۆمەڵگای ئێمە مەترسی تەکنیکی نین، لەگەشەی تەکنەلۆژیاو بڵاوبونەوەی فەردانییەتو نەمانی باوەڕ بەخەبیرو لێزانانەوە نەهاتووە، مەترسی گەلێك نین لەقەبارەکانی زانستو تەکنیکو مەعریفەیەکی کۆنترۆڵ نەکراوەوە هاتبن، کۆمەڵگای ئێمە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی، زیاد بوونی بڕی کاربۆن لەهەوادا، تەنانەت بوونی هیندو پاکستانو ئیسرائیلو بەم زووانەش ئێرانی دراوسێ بەهێزی نەوەی بەرپسك نازانێت، بەڵام ئەمانە ئەوە ناگەیەنێت کە کۆمەڵگای ئێمە بێ ریسك و بێ مەترسییە، بەبۆچوونی من مەترسییەکانی کۆمەڵگای ئێمە مەترسی کۆمەڵگایەکە کە توانای خۆڕێکخستنی نییە، بەردەوام لەدۆخی یانسیب کردندایە، دەزگای بڕیار و پلان دانانو داواکاری لێپرسینەوە، لەقۆناغی بەر لەکاریگەری زانست لەسەر ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کولتووریدا دەژی، هەژاری چارەسەر نەکردووەو، نۆرم و یاسایەکی نییە بۆ دابەش کردنی سەروەتو سامانی کۆمەڵایەتی، تەنانەت لەبەرامبەر مەترسییە سروشتییەکانی وەك لافاوو بومەلەرزەو ئاگرکەوتنەوەشدا بەباشی خۆی ڕێك نەخستووە، جگە لەمانە بەشێکی گەورەی مەترسییە گەورەکانی کۆمەڵگای ئێمە تا ئێستاش مەترسی سیاسێن کە هەم لەخراپیو بێتمانەیی پەیوەندی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان خۆیان لەدایك دەبن، هەم لەپەیوەندی ناهاوسەنگو هەڕەشە ئامێز بەدەوروبەرو دراوسێکانەوە، ڕاستە ئەمڕۆکە کۆمەڵێك "وەعدی شەرەف" و بەڵێن هەن کە باس لەکۆتایی مەترسییەکان دەکەن، بەڵام بڕیاری سیاسی لەکوردستانو لەعێراقدا هەرگیز گوێی لەوەعدی شەرەفو بەڵێندان نەگرتووە، مەترسییەکی هەنوکەیی دیکەی کۆمەڵگای ئێمە بەهێز بوونی عەقڵییەتو خەیاڵو دیدی ئاینییە بەگشتیو گەشەکردنی ئیسلامی سیاسییە بەتایبەتی، کێشەی سەرەکی ئەم مەترسییە نوێیەش لەوەدایە کە پەلاماری ئەو ئازادییە سادانە ئەدات کە ئینسانی ئێمە دوای سەدەیەك لەکەم بوونەوەی کاریگەریی ئاین لەسەر ژیان بەدەستی هێناون، ئەم پەلامارە لەفۆرمو شێوازی جیاوازدا دەردەکەوێت کە لەئایندەدا ڕابردووە ناهەمواروا گرانە دەربازنەبووە. واتە لەکاتێکدا کە پرۆسەی دیموکراسی دەرەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزمونو زەمەنێکی درێژخایەنە، ئەزموونی عێراق لەو پرۆسەیەدا یەکسانە بە"سفر".

جگە لەوەی ئێستا کە ئەم وڵاتە لەڕووی ئاسایشەوە نائارامترین ناوچەی جیهانە. عێراقییەکان لەسەر ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی ئەم هەڵبژاردنەش لەنێوخۆیاندا کێشمەکێشیانەو ئەم پرۆسەیە بەجارێ کردوونی بەدوو بەرەی گەورەی دژ بەیەکو ناتەباوە: لەکاتێکدا شیعەکان بەپەیڕەوی کارایی‌ەوە سازو ئامادەن بۆ هەڵبژاردن وەك هەلێکی زێڕینی مێژوویی لێیدەڕوانن، سوننییەکان وەك بەشێك لە "پیلانی پەراوێزکردنی ڕۆلی خۆیان" سەیری هەڵبژاردن دەکەن. ئەم دووئاراستە جیاوازەش هەرچی زیاتر دیوارو حەسارێ بێتمانەیی لەنێوان ئەو دوو تایفەیەدا بەرزتر دەکاتەوە، بەتایبەتی کە ئێستا حیزبە شیعییەکان دۆستی هەرە نزیکی کۆماری ئیسلامی ئێران و حیزبە سوننییەکانیش هەواداری وەهابییە توندڕەوەکانی سعودیین.

لەم سەروەختی هەڵبژاردنەشدا، نەرسکانی"سەندیکا پیشەییەکانو بزاڤی ژنان و گەنجان"، کەبزوێنەرە هەرە کاراو سەرەکییەکانی بەدیهێنانی دیموکراسین، ئاستەنگی هەرە دیاری بەردەم ئاژۆتنی عێراقە بەرەو دیموکراسی. لەهەمانکاتیشدا ئەوەی ئەم ڕەشبینییە قوڵتر دەکاتەوە ئەوەیە کە حیزبەکان بەگشتیو حیزبە عەلمانییەکانیش بەتایبەتی، لەسەر ئەرزی واقیع خاوەنی ڕێکخستنو بەرنامەیەکی سیاسی تۆکمە نین بۆ تەعبیەکردنی جەماوەر، بەڵکو ئێستا بەنفوزترین هێزی ڕێکخراو لە عێراقدا عەشائیرو ڕێکخستنە تونڕەوەکانن، کە پیاوە ئاینییەکان لە نێو شیعەو سوننەکانیشدا ڕۆڵێکی گرنگو کارا لەئاراستەکردنی ڕای گشتیو سیاسیدا دەبینن، ڕەنگە سەرەنجام هەر ئەمانیش هەڵبژاردن بەو ئاراستەیەدا ببەن کە خۆیان گەرەکیانە عێراقی ئایندەی لەسەر دابڕێژن.

لەلایەکی دیکەشەوە نابێت ئەوەش فەرامۆش بکەین کە داخوازانەچینی ناوەڕاستی کۆمەڵگای عێراقی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، ئاستەنگێکی گەورەی دیکەیە لەبەردەم گۆڕانکاریو بەدیهێنانی دیموکراسیدا، چونکە ئەو بنەما گرنگەی کە کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بنیات دەنرێت چینی ناوەڕاستە. (فۆکۆیاما) لە (کۆتایی مێژوو) دا ئاماژە بەخاڵێکی سەرنج ڕاکێش دەکاو دەڵێت "بەدوای مەرگی فرانکۆدا ئیسپانیا بەبێ کێشە لە دیکتاتۆرییەوە پەیپەوە بەرەو دیموکراسی، لەبەرئەوەی لەساتەوەختی مەرگی فرانکۆدا چینی ناوەڕاست زۆرینەی کۆمەڵگای ئیسپانی پێکدەهێنا، کەداهاتی سالانەی هەر ئیسپانییەك لەسەروو دوو هەزار دۆلارەوە بوو، ئەمەش گرنگترین زەمینەی سەرپێخستنی دیموکراسی بوو لەوڵاتدا". بەڵام بڕوانن: لەساتەوەختی ڕوخانی سەداملا، عێراق نەك هەر لەڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لەڕووی ئابووریو کۆمەڵایەتیشەوە لەوپەڕی ناعەدالەتیو شەکەتیو وێرانیدا بوو، زۆرێك لە عێراقییەکان لەخوار هێڵی هەژاریی‌ەوە ژیانیان دەگوزەراند، ئەم وڵاتە بەپیتە لەتاو هەژاریی "ژنی لەشفرۆش"ی دەنارد دەرەوە.

دیموکراسی پێویستی بەرەخساندنی زەمینەیەکی تۆکمەی فکریو کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسی درێژخایەنە، کە هێشتا زۆری ماوە عێراق بیانگاتێ. کەواتە ئایا لەسایەی ئەم هەلومەرجەدا هەڵبژاردن دەتوانێت هەنگاوێك عێراق لەدیموکراسی نزیك بخاتەوە؟ زەحمەتە، بەڵام مەحاڵیش نیە.

سەردار عەمەد

یەکەمجارە لە "کۆماری عێراق"دا، عێراقییەکان لە هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری ئازادا بەشدار بن، بەو هیوایەی لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە کۆتایی بەبەشێك لە مەینەتیوکێشمەکێشە سیاسییەکانی خۆیان بهێنن. بەڵام ئایا هەڵبژاردن عێراق بەرەو ئەو ئامانجە دەبات؟

پێشبینیکردنی ئایندە گەلێك دژوارە، بەتایبەتی ئایندەی سیاسی وڵاتێکی پڕ لە کێشەی وەك عێراق. وێڕای ئەوەش دەکرێت بڵێین: هەڵبژاردن، گۆڕانکاریو بەدیموکراسی بوونی عێراق گەلێك ئاستەنگی گەورەیان لەبەردەمدایە: بەر لە هەر شتێك عێراقییەکان ڕابردوویەك لەدوای خۆیانەوە بەجێدەهێڵن کە سیخناخە بەزەبرو زەنگو تونددێژی، لەسایەی بەعسدا خەڵکیی ساکارترین ئەلفو بێی دیموکراسی فێرنەبوون، لەو ڕژێمەدا جەللادێك لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا بەتەنها هەموو بڕیارو ڕایەڵو سەرەداوەکانی دەسەڵاتی لەدەستدا بوو، بنەماڵەیەکی گوندنشینی تکریتیش هەموو پێکهاتە گرنگەکانی ئابوریان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو، کۆمەڵگا بەتوندی لەلایەن دەوڵەتێکی مەرکەزی تۆقێنەرەوە کۆنترۆڵ کرابوو، عێراق گەورەترین زیندانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. هەر بۆیە بەدوای ڕوخانی ئەو ڕژێمەدا بەشێك لەخەڵکی عێراقی نامۆن بەم ئازادییەو ڕووبەڕێکی گەورەی ئەم وڵاتەش لەپاشاگەردانیدا نغرۆبووە، هاوکات حیزبەکانیش کە بەردەوام لەسایەی سەرکوتو کوشتوبڕی دڵڕەقانەی بەعس لە شکستو هەڵێزی تیاچوونداً بوون، ئێستا ناشارەزان لەوەی چۆن هەلمەتی ئەم هەڵبژاردنە بەڕێوە ببەن. هێشتا عێراق لەژێر باری ئەومیراتە پڕ لە نەفرەتەی بەعسو

ڕوونکردنەوە

تاگاداری خوێنەران دەکەین کە ئێمە لیستی بێلایەنی کورد لە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١١/٥ لە کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان بە ژمارە ١٥٦ تۆمارکراو قبوڵ کرا ئێمە کۆمەڵانێکین لە کەسایەتیو ڕۆشنبیرو پیشەی جیاجیا هیچ جۆرە حیزبو سەندیکاو کۆمەڵەیەکمان لەگەڵ نییە، بۆیە ئێمە لیستی بێلایەنی کورد دووپاتی دەکەینەوە هیچ جۆرە گرێبەندێکمان لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشان و لەگەڵ هیچ حیزبێکی تردا نییە.

لیژنەی ڕاگەیاندنی لیستی بێلایەن

ڕوونکردنەوە

لە ژمارە ٢٠٠ی هاوڵاتیدا هەواڵێك بڵاوکراوەتەوە کە گوایە پاسەوانەکانی کۆمپانیای نەوتی دبز ٤٠ دۆلاریان بۆ هاتووەو تەنها ٢٠ دۆلاریان دراوەتێ، ڕاستییەکەی هەر ٢٠ دۆلارەو سەرجەم پاسەوانەکانیش وەریان گرتووە.

ڕاگەیاندنی کۆمپانیای نەوت

هەڵبژاردن عێراق بەرەو کوێ دەبات؟

سێ ڕێکخراو بەشداری هەڵبژاردنی قوتابیان ناکەن

هەولێر، پ. هاوڵاتی: لەکۆبوونەوەی فیدراسیۆنی خوێندکارانو قوتابیاندا، ڕێکخراوەکان ڕێنەکەوتن لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

کۆمەڵەی خوێندکارانو یەکگرتووی قوتابیانو بزاڤی خوێندکارو لاوانی دیموکراسیخواز دەڵێن "بەشداری هەڵبژاردن ناکەین". یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ (٦) ڕێکخراوی تر دەڵێن "دەبێت هەڵبژاردن بکرێت".

ڕۆژی ١٢/٣ لە سلێمانی کۆنفرانسی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بەسترا بۆ بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

سەرچاوەیەك لەکۆمەڵەی خوێندکاران بەهاوڵاتی ڕاگەیاند، بەشداری ئەم هەڵبژاردنە ناکەن لەبەرئەوەی "لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی پارتیدا هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بەڕێوە ناچێت". سەرچاوەکە وتی "لەهەولێر حزبو حکومەت بەشداری لەهەڵبژاردنی قوتابیاندا دەکەن".

هەر لەمبارەیەوە سکرتێری یەکگرتووی قوتابیان (ڕێبوار عەلی) دەڵێت "تا حکومەتێکی یەکگرتووی کوردستانی ڕاستەقینە دروست نەبێتو دیاردەی بەحزبیکردنی ناوەندەکانی خوێندن هەڵنەوەشێنرێتەوە، ئێمە بەشداری هەڵبژاردن ناکەین".

لەبەرامبەردا سکرتێری یەکێتی قوتابیان (بەرەڤان حەمید) دەڵێت "هەڵبژاردن دیاردەیەکی تەندروستەو پێویستە بکرێت"، ئەو دەڵێت "ئێزدواجیەت لەرایەکانی ئەو ڕێکخراوانەدا هەیە. لەلایەك دەڵێن هەڵبژاردنەکە تەندروست نەبووە، لەلایەکیتر دەڵێن دەبوایە دەرەنجامی سەرتاسەری ڕاگەیەنرابا". دەڵێت "بەڕێککەوتنی هەر دوو ڕێکخراوی کۆمەڵەی خوێندکارانو یەکێتی قوتابیان، دەرەنجامی سەرتاسەری سااڵی پار ڕانەگەیەنراوە".

بای بای دیموکراتییەت

پرۆسەی هەڵبژاردن ئەمڕۆ گەرمترینو زیندوترین بابەتی میدیاکانی عێراقو کوردستانە، هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە هەڵبژاردن ڕێگاچارەیەکی گونجاوە بۆ ڕێگاگرتن لەزیاتر پەرەسەندنی ئە بارودۆخەی کە ئەمڕۆ عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، سنورێکیش بۆ نەزیفی جەستەی عێراق دەدانێت، هاوکات ئەو هەڵبژاردنەی کە لەسەر ئاستی عێراق ئەنجام دەدرێت لە کوردستانیش هەمان هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، دەنگدەر لەکوردستان جارێك دەنگ بۆ نوێنەران لەسەر ئاستی کوردستان دەدەنو جارێکیش لەسەر ئاستی عێراق.

ئەگەر چی ئەم هەڵبژاردنە بۆ هاوڵاتیانی پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق سەرەتای ژیانێکی سیاسی نوێ بێت ئەوا بۆ ئێمەی کورد گەمەیەکی سیاسی بێتامە، چونکە ئێمەی کورد ئەزموونێکی زۆر کرچو کاڵمان لە هەڵبژاردندا هەیە، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە تا دەگات بەشارەوانییەکانو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان.

ئەو هەڵبژاردنانە لەسەردەمێکدا ئەنجام دران هێزە سیاسییەکانی دونیای ئێمە دیموکراتییەتیان لە موفارەقەکردنی نێوان خۆیانو بەعسدا دەبینییەوە، نەیاندەزانی بە بەراوردکردنی لەگەڵ بەعسدا هەموو ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکراتین، ئەو سەردەمانە هەموو خەوشەکانی خۆیان لەترسی مانەوەی بەعسدا دەبینیەوە.

ئەو هەڵبژاردنانە هێندە لەخەمی بەرژەوەندییەوە هاتبوو نیو هێندە لە خەمی دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگاوە سەرچاوەی نەگرتبوو، چونکە دیموکراتییەت لەکەلتوری سیاسیدا بریتییە لەدانانن بەبوونی بەرانبەرداو کۆبوونەوەی دژەکان لەژێر چەترێکدا بەلاّم بەهۆی هەژاری کەلتوری سیاسی کوردییەوەو بەرتەسکی جیهان بینی ئەو هێزانەی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیان دەکرد هەڵبژاردنەکان دەبوون بە پرۆسەیەکی کاریکاتێری، ئەگەر یەکەمین هەڵبژاردنی کوردی لەساڵی ١٩٩٢دا بۆ گەلی کورد مایەی فەخرکردن بێت ئەوا بۆ حیزبەکان بەتەواوی مایەی تەریق بوونەوەیە، چونکە هەرکەس لە ئەنجامدا دیاتی دیموکراتییەت تێگەیشتبێت دەزانێت دەسەڵات هەمیشە لە ئالۆ گۆڕدایە، بەلاّم حیزبەکانی ئێمە پارتیو یەکێتی بەهەر جۆرێك کەچوونە سەر کورسی تا ئێستا قەدەری خۆیان نەسپاردووە بەسندوقەکانی دەنگدان، کە ئەمەش بەتەواوی پێچەوانەی نەریتی دیموکراسییە، ئێمەی نەوەی دوای ڕاپەڕین زۆربەمان شانسی دەنگدانمان نەبوو، بۆیە هەمیشە هەستمان بەمەحروم بوون لەئەزموونێکی نیشتمانیدا دەکرد، هەمیشە بەو گوتارە نوستالیژیانە دەگریاین کە پڕبوون لەمقاوەمەت، بەلاّم هەر زوو ئەو گوتارانەیان تەرجومەی شەڕی ناوخۆ کرد کە ئێستاش کۆمەڵگەی کوردی بەدەست قەیرانەکانییەوە دەنالێنێت. ئێستاش لەبریتی دادگاییکردنی تاوانبارانی شەڕی ناوخۆو خاوەن فایلەکانو لێکۆڵینەوە لەگەندەڵی ئیداری لیستێکی هاوبەشیان بۆ هەڵبژاردن ئامادەکردووە ئەگەر چی ئەو لیستە لەسەر ئاستی عێراق هەنگاوێکی باشە بەلاّم لەسەر ئاستی کوردستان مەترسی لەو کارەساتانە کەمتر نییە کە سیاسەتی پەنجا بە پەنجا خولقاندی، حیزبە بچووکەکانیش سەلماندیان هەمیشە وەکو فەرمانبەری گۆڕەپانەڵی حیزبە گەورەکان دەمێننەوە باشترواید کە حیزبە بچووکەکان کە هەرگیز نەیانتوانی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینن، شەقامی کوردی بەبێ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی کوردستان بەشداریی پرۆسەی دەنگدان نەکەن، چونکە هیچ ئاسۆیەك بۆ یەکخستنەوەی ئیدارەکان لە ئارادا نییە.

حسێن لەتیف

سەربڕینی چوار هاوڵاتیی کورد لەمووسڵ

دهۆك، پ. هاولاتی: چوار هاوڵاتی کوردی خەڵکی شنگار لەگەڕەکی قودسی شاری موسڵ ڕۆژی ١١/٢٩ لەلایەن کۆمەڵێك چەکدارەوە دەستگیرکرانو دواتر سەربڕان.

لەلایەکی ترەوە لە سەر ڕێگای (زمار - موسل) ئوتومبێلی (خالد یوسف زێتك) ئەندامی لیژنەی ناوخوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (زمار) کەوتە بەر پەلامارێکو لە ئەنجامدا خۆی یەکێك لە پاسەوانەکانی کوژڕان‌وپاسەوانێکی تریش بە دیلی کەوتە دەستی چەکدارەکان کە تا ئێستا چارەنووسی دیار نیە.

هەر لەشاری موسڵ، ڕۆژی ١٢/٤ هاوڵاتی (فەرمان حەسەن سەعدوون) کە خەڵکی شاری هەولێرە، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە تیرۆر دەکرێتو تەرمەکەشی فڕێدەدرێ.